# تەلەفزیۆنی کوردسات ئاوی دووبەرەکی دەڕژێنێتە ژێرپێ ی کرێکارانی کورد!



سەفین محەمەد

دوێنێ شەو لە کەناڵی کوردساتدا، لە درێژەی بەشان و باڵ هەڵدانی ناسیۆنالیستی کورد و پاراستنی ئاسایشی خەڵك لە سایەی حاکمیەتی ناسیۆنالیستی کورد و بەتایبەت کرێکارانی عەرەب لە کوردستانی تێکەڵ بەهەراو زەنای سەرکەوتنی کورد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکرد! ئەگەر یەکێك هۆشیار نەبێت و هەڵوێستی ناسیۆنالیستی کورد بە تایبەت یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نەناسێت، وا دەزانێت کە ناسیۆنالیزمی کورد زۆر پەرۆشی پاراستنی ژیان و ئاسایشی کرێکارانی عەرەبە!
تەلەفیزیۆنی ناوبراو ئەو چاوپێکەوتنانەی بڵاو دەکردەوە کە کرێکارانی عەرەب لە کوردستان لە سایەی ئاسایشدا ژیانیان بەسەربردووە.
شان بەشانی ئەوەش لەگەڵ ئەوکرێکارە کوردانە چاوپێکەوتنی نیشان دەدا کە ترسی کوشتنیان لەسەر بووە و لەبەر نەبوونی ئاسایش لەناوچە عەرەب نشینەکان نەیان توانیوە بڕۆن بۆ کارکردن!
سەرەتا با لە بەڕێوەبەرانی ئەو کەناڵە بپرسین کە ئایا ئابووری و دەسەڵاتی کوردستان لەدەست کێدایە؟ ئەدی پاراستنی ژیان و ئاسایشی کۆمەڵانی خەڵك ئەرکی دەسەڵاتداران نی یە؟ ئەگەر وایە ئەو نازکردنە بەسەر کرێکارانی عەرەب بەوەی لەسایەی دەسەڵاتی کورد یانی چی و لەپشتی ئەو پەردە بەڕواڵەت مرۆیی یە چی خۆی حەشارداوە؟ بەتایبەت بۆ هەموو لایەك ڕۆشنە کە فڕاندن و کوشتنی بیانیان و خەڵکی کورد لە ناوچە عەرەب نشینەکان پەیوەندی بە کرێکارانی عەرەبەوە نی یە؟
ئەوەی ئەو کارە نا مرۆیی یانە ئەنجام دەدات کۆمەڵێك دز و جەردە و ناسیۆنالیزمی عەرەبە و ناسیۆنالیزمی عەرەبیش دەستی هەیە لە باوەشێنکردنی ناکۆکی یەکانی ناوچەکەوە هەیە بەهەمان شێوەی ناسیۆنالیزمی کورد کە باوەشێنکەرێکی تری ئەو ئاگرە تەلەفزیۆنی کوردساتە!
ڕاستی یەکەی تەلەفزیۆنی ناوبراو دەیەوێت ئاو بڕێژێتە ژێرپێ ی کرێکارانی کورد و پێ یان بڵێت ئەوە ئەگەر ئاسایشی کرێکارانی کورد لە ناوچەعەرەبنشینەکان دابین نەکرێت ئەوا ئاسایشی کرێکارانی عەرەب گۆڕانی بەسەردادێت لە سایەی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد! دەیەوێت خۆڵ بکاتە چاوی کرێکارانی کورد و کەلێنی زیاتر بخاتە نێوان کرێکاری کورد و عەرەب! دەنا هەڵگتنی ئاڵای مرۆڤایەتی لە شان و باڵی ناسیۆنالیزم ناوەشێتەوە!

2005/2/14